مانفەستی دایك یان خوانەوە بەدەوری وشەدا؟!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

بەشکی زۆر لە نووسەرانی کورد، نەیانکردووە بە نەریت، کە هەر کاتێك هەستیان کرد توانستە هزرییەکانیان بە هەی چوونە نێو تەمەنەوە، سست بووەوە شتێکی تازەیان بە گوتن و نووسین پێ نەماوە و ناتوانن داهێنانێکی تازە بکەن و شتێکی جیاوازتر لەوانەی پێشووتر هەزار جار گووتویانە بنووسن، ئیدی واز لە نووسین بێنن، بەڵکو تا پێیان بکرێت، لە ئامادەیی و هەبوونی لەشکرێك خوێنەری سادە و ساویلکە و بیر نەکەرەوە و ڕاگوزەر، دێن شتە کۆنەکانیان پاتە دەکەنەوە بە سەدان جار. لە کۆتایی هەفتاکاندا، شەرزاد حەسەن، وەك دیاردەیەکی جیاواز و ناوازە و دابەوا لە واقیعی سەردەمەکە دروست دەبێت و گەورە لە ستایلی چیەکنووسین دروست دەکات، بەڵام گرفتی ئەم نووسەرە لەوە دایە، لەو کاتەوە تاکو ئێستا دەقی بە هەندەك پرس و بابەتی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی گرتووە وناتوانێت شتێکی جیاوازتر لەوانە بڵێت و هەر لەو وەهمە دەژیت، کە ئەمە هەشتا لە کۆتایی هەفتاکانین نەك سەردەمی ژیری دەستکرد ! دواییین کتێبی ئەو ونووسەرم، بە ناوی مانفەستی دایك خوێندەوە، کە بە ڕاستی هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە، دیسانەوە باسەکە حەسەن پەلیسی باوکی و قومارکانی و لێدانی دایك و خوشکەکانی و تەوانینی دواکەوتووانی گەرەکی کورانە لە پەنجاکاندا، کە هەریەك لە ئەمە سەدان جار ئەو بێت و باڵەڕی گوێ لێبووە! ئەم نووسەرە، لەو کتێبە بە ناو نوێیشیدا، هەمان ئەو باسانە دەگێڕێتەوە وەك خۆتەنکردن و ستەمی کچان بە دەست باوك و براکانیان و تێکەڵبوونی کوڕان و کچان لە زانکۆ و باوکسالاریی، کە ئەم پرسانە لە ئێستای کەمەگەی ئەمە سەد و هەشتا پلە گەڕاون و گەر نووسەرەکیش بەوای وابێت ئەمە هەشتا هەر وەهاین، دەبێ گومان لە خۆی و بەچوونەکانی بکات و دنیابێت لەوەی کە هەگبەکەی بەتاڵ بووە! لەم کتێبەدا، شەرزاد حەسەن بە جۆرێك باسی پیاو دەکات، وەك ئەوەی پیاوان هەموویان دەندە و بکوژ و خوێنمژ و پێتریاك و میللی بن. ئەم نووسەرە، هەموو پیاوان، لە چاوی حەسەن پەلیسی باوکی و هەموو ژنانیش بە ئێستاشەوە لە چاوی پلە زارەی دایکی دەبینێت، بە ئاگا لەوەی سەدان پیاو لە ئێستادا، بەدەستی ژنکانیان لەدان و

دەرکردن دەخۆن و شکۆیان دەشکێندرێت. واتا هاوکێشەکە پێچەوانە بە تەوە. ئەم قسە و بۆچوونە سواوانە، بەڵاستی مەدیان نەماوە و بەسەر چوون، ئەمە ئێستا لە سێ دەم و ڕۆژگارێکی دیکە دەژین. من نموونەم لایە، کچێك باوکە هەژارەکەی ناچار کردووە، لە ماوەی چوارمانگدا، چوار ملیۆن دیناری بۆ لە ڕێکخستنی ددان و جوانکاری لووتی بدات ! کێشەی ئەم نووسەرە لەوە دایە، ناتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە، شتی تازەو نوێ بڵێت، داهێنانی تازە بکات. خوێنەری کورد، بەشێك لە نووسەران بەتەوتەم و پیرەز دەکات، شوناسی نووسەر، بەر لە شوناسی دەق دەبینێت و ئەم نووسەرش، چونکە پێشتر بە جیاوازییەوە هاتە نێو دنیای ئەدەبی ئەمە، ئیدی خۆش و خوێنەرانیشی هەر لەو خیاڵە دەژین، کە ئێستاش سەردەمی گوێی نەشە، کە پەویست دەکات بە ئاگا بێنرێنەوە !